KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-11-2007 22:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نامەیەک بۆ بەڕێز: وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان: ... ڕەهێڵ محمود خورشید

مافی مرۆڤ وەکو چەمك جوانترین چەمکە لە ناو چەمکەکانی دنیای ئەدەبیاتی دیموکراسی، بەڵام لە هەرێمی کوردستان بێنرخترین چەمکە بە تایبەتی لە بواری پراکتیدا، لە ژیانی ڕۆژانەماندا جگە لەوەی گوێمان لە گەندەڵی دەزگا حکومی و حزبییەکان دەبێت زۆر گوێمان لە گەندەڵی نوسینگە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەتی مافی مروَڤ دەبێت کە خۆی بە پارێزەری مافی مرۆڤ دادەنێت لە هەرێمی کوردستان. لە هەر جێگەیەکی ئەم دونیایەدا پێشیلکاریەك ڕوو بدات لە هەر بواریك دا بێت دەسەڵات داران لێپێچینەوەی لە سەر دەکەن بەڵام ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا ناکرێت دوای ئاشکراکردنی گەندەل ی کۆمەڵی کەسی دەسەڵاتدار خۆدزینەوەیە لە لێپێچینەوە لەگەندەڵی و گەندەڵکاران. ئەفسوس ئێمەی گەرمیانی پشکی شێرمان بەرکەوتووە لەم دیاردە ناشرینە. ئەم دیاردەیە دوای ئەوەی لە ناو حزبەکانمانەوە دزەی کردە ناو فەرمانگەکانمان بە تایبەتی ئەوانەی سەر بە وەزارەتی مافی مروَڤن خەڵکی بێ هیوا بوون لەوەی فەرمانگەیەکیان هەبێت لەم ناوچە دوورە دەستەی حکومەتی هەرێم کۆمەڵی گەندەڵی و گەندەڵکاری تێدا نەبێت. بەڕێ زَ وەزیری مافی مرۆڤ کۆمەڵی کاری نایاسایی و ناڕەوای مافی مرۆڤی گەرمیان دەخەینە بەردەستی بەڕێزت بۆ ئەوەی ئاگادار بێت چی ڕوو دەدات لەوی، مافی مرۆڤی گەرمیان کە مافی خەڵکی گەرمیانی پێشێل کردووە و دەیکات. لە ساڵی 2004 دوای ئاشکرا کردنی کۆمەڵی گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی گەرمیان لە وەزارەتی مافی مرۆڤ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکهێنرا بۆ بەداداچوونی ئەو گەندەڵیانە بەڵام دوایش بە بەرگری چەند لایەنێك بە سەلامەتی رزگاریان بوو. وە ئەگەر بەڕێزتان ویستان لێپێچینەوەی لە سەر بکەن با بەڕێز جەنابی بەڕێوەبەری گشتی دیوان دەست وەرنەداتە لێپێچینەوەکە چونکە ئەو بەڕێزە لەو کاتەی کاربەدەست بووە لە وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارە و ئەنفال لە ئیدارەی سلێمانی بەرگری لە گەندەڵیەکانی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی گەرمیانی دەکرد بە تایبەتی بەڕێوەبەرەکەیان. گەندەڵیەکانی گەرمیان بخوێنەوە و هەناسەی پڕ لە ئاخ بدە کە چۆن ناوی وەزارەتە بەڕێزەکەتانی ناشرین کردووە لەم ناوچە بەدبەختەی کوردستان:

- بە ڕەزامەندی وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ ماوەی سی ساڵە مافی مرۆڤی گەرمیان هێڵێکی ئینتەرنێتی ڕاکێشاوە و مانگانە بڕی (60000) دینار پارە دەدات بە کۆمپانیای زانیار ئەلکترونیك و هێڵی ئێنتەرنێتەکەش لە ماڵەوەیە بۆ چاتکردن بە کار دەهێ نرێت.
- هێڵێکی موبایلی ئاسیاسیڵ و هێڵێکی میدیا تلیکوم لە مافی مرۆڤی گەرمیان هەیە کەس نازانی لە لای کێ یە و کی سوودی لی دەبینێت، بە تایبەتی ئاسیاسێلەکە. چونکە ئەو ژمارەیەی لە خوارەوەی نوسراوەکانیاندا هاتووە بۆ جوانکردنی نوسراوەکانیانە و بەردەوامیش لە دەرەوەی بازنەیە.
- کۆمەڵێك لە فەرمانبەرانی مافی مرۆڤی گەرمیان و نوسینگەی خانەقین لە بەر بێزاربوونیان لە بەڕێوەبەری مافی مرۆڤی گەرمیان بۆ چەندین جار داوای گواستنەوەی ڕاژەکانیان کردووە.
- وازهێنان و هەڵهاتنی کۆمەڵێك لە فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرابەتی مافی مرۆڤی گەرمیان بۆ فەرمانگەکانی تر. (بە چاوی خۆتان ببینن مافی مرۆڤی گەرمیان چەند فەرمانبەری هەیە) .
- کۆبوونەوەی دەسەڵاتەکان لە لای خودی بەڕێوەبەری مافی مرۆڤی گەرمیان ئەمەش بۆتە هۆی بێزاری کارمەندانیان بە تایبەتی نوسینگەکانی کفری و خانەقین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

• بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی ژمارە (16، 17) لە دوای دەوامی رەسمی بۆ کاری شەخسی، کە چی بەپێی ڕێنماییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان نابێت ئۆتۆمبێلە میریەکان دوای دەوام بە کاربهێنرێت. (چەند جارێك خەڵکی کەلار بینیویانە دوای دەوام)

• بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی ژمارە (17) لە کاتی دەوامی رەسمی بۆ کاری شەخسی. (چەند جارێك خەڵکی کەلار بینیویانە) .

• بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی ژمارە (17) لە دوای دەوامی رەسمی لە لایەن براکانی خێزانەکەیەوە بۆ کاری شەخسی. (چەند جارێك خەڵکی کەلار لە ناو شاری کەلار و ڕێگەی سلێمانی بینیویانە) .

• بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلی ژمارە (17، 16) لە لایەن فەرمانبەرانی تەلەفزیونی ئایندەوە کە دامەزراوەیەکە سەر بە وەزارەتێکی ترە. (شۆفێری تەلەفزیونی ئایندە بینراوە ئۆتۆمبیلی مافی مرۆڤی گەرمیانی لێ ئەخوڕی) .

• بە کارهێنانی بینای بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی گەرمیان بۆ کۆبونەوەکانی ئەندامانی دەستەی هەنگاو لە دوای دەوامی رەسمی کە ڕێکخراوێکی ئەهلیە و باوەڕپێکراو نیە لە لای خەڵکی گەرمیان چونکە لە کۆمەڵی بەرپرسی حکومی و حزبی گەندەڵ پێك هاتووە. (چەندین جار بینراوە لە کاتی ئێواران دا لە دوای دەوامی رەسمی ئۆتۆمبیلیکی زۆری ئەندامانی دەستەی هەنگاو لە بەردەمی بینای بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی گەرمیان وەستاوە) .

• وەرگرتنی پارچە زەوی لە کەلار لە (225) خانووەکەی مێرسی کۆر بە ڕێگەی ناوی وەهمی. هەروەها وەرگرتنی لەو پارچە زەویانەی بۆ کەس و کاری هەژار و ئاوارەی خەڵکی خانەقین دانرابوو لە خانەقین بۆ خۆی و کەس و کاری بەڵام دوای ئەوەی خانوویەکی لە خانووەکانی دادگای کەلاری وەرگرت بە واستەی (ئەندام پەرلەمانێکی) پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە لای وەزیری دادی ئیدارەی سلێمانی بۆ ژنەکەی کە فەرمانبەرێکی دادگای کەلارە وازی لەو پارچە زەویەی خۆی لە خانەقین هێنا. (وەرگرتنی ئەو زانیاریانە لە لایەن فەرمانبەرانی ئەو دوو شارەوانیە) .

• وەرگرتنی برە پارەیەکی زۆر لەو ئاوارە هەژارانەی خانەقین کە پێداویستیان بۆ دەهات و لە لایەن مافی مرۆڤی گەرمیانەوە دابەش دەکرا بەرامبەر بە کرێی گواستنەوەی کەل و پەلەکان کە لە سلێمانیەوە ئەهێنرا بۆ ئاوارەکانی ئەو سنورە. (وەرگرتنی ئەو زانیاریانە لە لایەن ئەو خەڵکەی ئاوارەن و لە خانەقین دانیشتوون) .

• دوای پرسیارکردن لە شارەوانی خانەقین و کەلار دەرکەوت چەند فەرمانبەرانبەرێکی بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی گەرمیان لە خانەقین و کەلار زیاد لە پارچە زەویەکی وەرگرتووە کە چی بە پێی ڕێنماییەکان فەرمانبەر نابێت لە یەك پارچە زەوی زیاتر وەربگرێت.. (وەرگرتنی ئەو زانیاریانە لە لایەن فەرمانبەرانی ئەو دوو شارەوانیە) .

بۆ ڕاستی و دروستی ئەوانەی لای سەرەوە ئەتوانن لە خەڵکی کەلار بە تایبەتی و خەڵکی گەرمیان بە گشتی بپرسن مافی مرۆڤی گرمیان چەند باوەڕپێکراوە لەنێو خەڵکی. ئەمانەی دەخەینە ڕوو بۆ ئەوەی خەڵکی گەرمیان ئاگادار بن لە بەڕێوەبەرایەتی مافی مرۆڤی گەرمیان کە خۆی بە پارێزەری مافی مرۆڤی ناوچەکە دەزانێت چی ڕوو دەدات و لەوێش گەندەڵی هەیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.